




# فیلمی ئەڤاتار زۆرینەی خەڵاتەکانی "گۆڵدن گلۆب"ی بردەوە

رۆمانە فیلمی خەیاڵی "ئەڤاتار" هەر لەیەکەم ڕۆژی نمایش کردنییەوە، بەپێشەنگیی دەستی پێکرد، وادیارە ئەم پێشەنگییەی لەلایەن جەماوەرانەوە کە تائێستا زیاتر لە ١،٥٠٠ ملیار دۆلاری بەدەست هێناوە، هەروا بەردەوامە، پێدەچێ رای تەواوی رەخنەگرانی سینەمایشی بۆ خۆی راکێشابێت، ئەگەر هەروا بڕوات رەنگە خەڵاتە جیهانییەکانیش بەرێتەوە، چونکە ئەوەتا لەیەکەم فیستیڤاڵی دابەشکردنی خەڵاتی باشترین فیلمەکان "گۆڵدن گلۆب" توانی جێگای شیاوی خۆی نیشان بدات، ئەمەش بە وەرگرتنی خەڵاتی باشترین فیلمی درامی، کە گرنگترین خەڵاتی پێشبڕکێیەکەیە و هەر لەو فیستیڤاڵەدا، دەرهێنەری کەنەدی "جێمس کامیرۆن" کە دەرهێنەری فیلمەکەیە خەڵاتی باشترین دەرهێنەری پێ بەخشرا.

گۆڵدن گلۆب، لەناوەکەیەوە دیارە کە بریتییە لە تۆپێکی زێرپۆشکراو، گوزارشتە لە کۆمەڵێك خەڵاتی ساڵانە کە دەبەخشرێتە باشترین بەرهەمە سینەمایی و تەلەفزیۆنییەکانی ساڵی رابردوو، بارەگای "گۆڵدن گلۆب" لە شاری "بیڤرلی هیلز"ی ولایەتی کالیفۆرنیایە.

سەرەتای هەموو ساڵێك خەڵاتەکان لەلایەن "کۆمەڵەی رۆژنامەنووسە بیانییەکانی هۆلیۆد" لەئاهەنگێکی گەورە و قەشەنگ و بەئامادەبوونی زۆرترین ئەکتەر و سینەماکاران و رەخنەگران و راگەیاندنکاران دابەشدەکرێن و لەساڵی ١٩٤٤ز ئەم دەزگایە دامەزراوە، لەدوای خەڵاتەکانی "ئۆسکار" لە ئەمەریکا بە دووەم خەڵاتی سینەمایی دەژمێردرێت.

خەڵاتەکانی گۆڵدن گلۆبی باشترین فیلمەکانی ساڵی ٢٠٠٩ز کە لەچەند رۆژی رابردوو پێشکەش کران، بریتی بوون لەمانەی خوارەوە:

- فیلمە دراميیەکان: ئەڤاتار بۆ باشترین فیلم، جێمس کامیرۆن بۆ باشترین دەرهێنەر. بۆ باشترین ئەکتەرەکانیش "جیف بریدگز" لە فیلمی "Crazy Heart" بووە باشترین ئەکتەری پیاو، "ساندرا بۆلۆك" بۆ باشترین خانمە ئەکتەر لە فیلمی"The Blind Side".

-فیلمە کۆمیدییەکان: "The Hangove" بۆ باشترین فیلم، "رۆبەرت داونی جۆنیۆز" بۆ باشترین ئەکتەری پیاو لە فیلمی "Sherlock Holmes". " لە فیلمی "جۆلی و جۆلیا" دا باشترین خانمە ئەکتەریش"میریل ستریب" دەستنیشانکرا. جێی باسە میریل ئەمە جاری هەشتەمە ئەم خەڵاتە بەدەست دێنێت.

-خەڵاتی باشترین سیناریۆنووس بەخشرابە هەریەك لە"جاسۆن رێتمان" و "شێلدۆن تۆرنەر" لەسیناریۆی فیلمی " Up In The Air" کە ئەکتەری بەناوبانگ "جۆرج کلۆنی"رۆڵەکە دەبینێ.

-بۆ باشترین فیلمەکانی ئەنیمەیشن، ئەگەرچی رکابەریەکی زۆر هەبوو، بەڵام فیلمی "Up" توانی خەڵاتی باشترین فیلم و باشترین میوزیکی فیلم بەدەست بێنێت.

-بۆ باشترین فیلمی زمانی بیانی فیلمێکی ئەڵمانی بووە باشترین فیلم بەناوی " The White Ribbon (Das Weisse Band - Eine Deutsche Kindergeschichte)".

- لەلایەکی ترەوە، وەك دەزانین لە فیستیڤاڵە سینەماییەکان بەگشتی بایەخێکی زۆربە پاڵەوانی دووەمی فیلم دەدرێت لە "گۆڵدن" گلۆبی ئەمساڵیش "کریستۆفەر والتز" بۆ پیاوان و"مۆنیك" بۆ خانمان، ئەم خەڵاتەیان وەرگرت.

ئەوەی فیستیڤاڵی گۆڵدن گلۆب لەتێکرای فیستیڤاڵەکانی تر جیادەکاتەوە، ئەوەیە کە خەڵاتەکان تەنیا لەبەرهەمی سینەمایی کۆناکرێنەوە، بەڵکو کۆمەڵێك خەڵات بۆ بەرهەمە تەلەفزیۆنییەکان تەرخان دەکرێن، بۆ ئەمساڵیش زنجیرەی"Mad Men" بووە باشترین زنجیرەی درامی، و زنجیرەی "Glee" بوو بەباشترین زنجیرەی کۆمیدی. بۆ باشترین گۆرانی فیلم، گۆرانی " The Weary Kind" لە فیلمی " Crazy Heart" یەکەم بوو. ئەمانە و چەندین خەڵاتی تری سینەمایی و تەلەفزیۆنی و میوزیك.. لە فیستیڤاڵی ساڵانەی گوڵدن گلۆبن.















## ئەو فیلمانەی زۆرترین داهاتیان لەم هەفتەیەدا بەدەست هێناوە

# ئەڤاتار بۆ پێنجەمین هەفتە هەر لە ریزی یەكەمە

پەرتوكی ئیلی "The Book of Eli" یەكێكە لە فیلمە نوێیەكانی ئەم هەفتەیە، بەماوەی تەنیا سێ ڕۆژ توانی زیاتر لە ٣١ ملیۆن دۆلار كۆبكاتەوە و پلەی دووەم بەدەست بێنێت، پلەی یەكەمیش جارێكی تر و بۆ ماوەی پێنج هەفتە لەسەر یەك هەر هی فیلمی ئەڤاتارە.


فیلمەكە بەناوی "پەرتوكی ئیلی"یە ئەم پەرتووكەش كە ناوی فیلمەكەی لێنراوە كۆپییەكی "پەرتوكی پیرۆز"ـە، كەبریتییە لە پەیامەكانی خوا لە ئینجیل و تەوراتدا، كە مەسیحییەكان پەیرەوی دەكەن. ئاشكرایە ئەم پەرتوكی پیرۆز ""الكتاب المقدس" بەپێی گێڕانەوەی قوتابییەكانی مەسیح (د.خ) جیاوازی لەنێوانیاندا هەیە. ئەم فیلمە باس لەپیاوێك دەكات ناوی "ئیلی"یە، كۆپییەكی لە پەرتوكی پیرۆز دەستكەوتووە كە وەك لە فیلمەكەدا ئاماژەی پێدەكات تاوەكو ئێستا كەس ئەو كۆپییەی نەبینیوە، لەو كۆپییەی ئیلی چەندین نهێنی پاشەڕۆژی زەوی تێدایە، كە مەسیح باسی لێوە كردووە، بۆیە ئیلی ڕێگە دەگرێتە بەر بۆ ئەوەی بگاتە ئەمەریكا، تاوەكو پەرتوكەكە بپارێزێت و لەفەوتان ڕزگاری بكات، چونكە ئیلی پێیوایە ئەم پەرتووكەی دەست ئەو كەوتووە ڕزگاری جیهانی تێدایە لەو كارەساتانەی كە بەسەر جیهاندا دێن.

ئەم فیلمە لەلایەن ڕەخنەگرانەوە گرنگییەكی زۆری پێدراوە، لەلایەن كەنیسەی ئەرسۆزسكی ئەمەریكا دەستخۆشی لێكراوە، ئەمەش بۆئەوەی ڕێگەچارەكان دەگەڕێنێتەوە بۆ كتێبی پیرۆز، لەكاتێكدا كە چەند فیلمێكی تر لەسەر كۆتاییەكانی زەوی دروست كراوە. فیلمەكان لەباری دەروونییەوە گرفتی بۆ زۆر لە بینەرانیان دروست كردووە.

فیلمەكە لە دەرهێنانی: ئەلبێرت هیوز و پاڵەوانێتی ئەكتەری سینەماكاری بەناوبانگ "دینزل واشنتۆن". ە. هەریەك لە جاری ئۆڵدمان و میلا كۆنیس و جێنیفەر بلیز، ڕۆڵیان تێدا گێڕاوە.

ئەمەش سەرجەم فیلمە باشەكانی ئەم هەفتەیەی ئەمەریكا بەپێی بەدەستهێنانی داهاتیان:

**باشترین ١٠ فیلمی ئەم هەفتەیە هەمان فیلمەكانی هەفتەی پێشوون**




1- (Avatar) ٤٢،٨٠٠ ملیۆن$، كۆی داهات: ٤٩٣،٢٦٧ ملیۆن$، بە ٥ هەفتە، پلەی پێشو:١.



2- (The Book of Eli) ٣٢،٧٧٠ ملیۆن$، كۆی داهات: ٣٢،٧٧٠ ملیۆن$، بەیەك هەفتە.




3- (The Lovely Bones) ١٧،٠٢٠ ملیۆن$، كۆی داهات: ١٧،٤٨٧ملیۆن$، بە ٦ هەفتە.



4- (Alvin and the Chipmunks: The Squeakquel) ١١،٦٥٠ ملیۆن$، كۆی داهات: ١٩٢،٧٤٢ ملیۆن$، بە ٤ هەفتە، پلەی پێشو: ٣.




5- (Sherlock Holmes) ٩،٨٨٠ ملیۆن$، كۆی داهات: ١٨٠،٠٧٣ملیۆن$، بە ٤ هەفتە، پلەی پێشو٢.




6- (The Spy Next Door) ٩،٦٠٠ ملیۆن$، كۆی داهات: ٩،٦٠٠ ملیۆن$، بەیەك هەفتە.



7- (It's Complicated) ٧،٦٧٢ ملیۆن$، كۆی داهات: ٨٨،٢٢٤ ملیۆن$، بە ٤ هەفتە، پلەی پێشو:٥.



8- (Leap Year) ٥،٨٢٨ ملیۆن$، كۆی داهات: ١٧،٥٢٩ ملیۆن$، بە٢ هەفتە، پلەی پێشو:٦.



9- (The Blind Side) ٥،٥٥٥ ملیۆن$، كۆی داهات: ٢٢٦،٧٦٤ ملیۆن$، بە٩ هەفتە، پلەی پێشو:٧.




10- (Up in the Air) ٥،٤٥٨ ملیۆن$، كۆی داهات: ٦٢،٨٣١ ملیۆن$، بە٧ هەفتە، پلەی پێشو:٨.

ئا: عەبدوڵا چنگیانی

### هونەرمەند نەرمین کاوانی بۆ گوڵان:

# بەداخەوە تا ئێستا درامای کوردی نەیتوانیوە چاوی بینەری کورد تێر بکات



***زۆرن ئەو ئافرەتانەی خاوەن توانا و سەلیقەیەکی بەرزی هونەرین، توانیویانە هەوڵی شکاندنی ئەو کۆسپانە بدەن کە تا ئەمرۆش لەبەردەم ئافرەتانی هونەرمەندا هەن و بوونیان هەیە، هونەرمەند نەرمین کاوانی لە درامای ئارەزوو توانی بەشێوەیەکی سەرکەوتوو بەرجەستەی کارەکتەرەکەی بکات و توانی ببێتە جێگای سەرنجی بینەر، بە هۆی ئەو جورئەتەی لە نواندنی ئەم رۆڵەی لە دراماکەدا بینی کە تا ئێستاش لە کۆمەڵگای ئێمە بە ئاسانی تەقەبول ناکرێت، لە دیدارێکی گۆڤاری گوڵاندا نەرمین خان بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.***

**دیمانە :سۆران مارف کەریم** Soran_marf1980@yahoo.com

لەسەرەتادا هونەرمەند بەم شێوەیە هاتە ئاخاوتن و گوتی: من ناوم ( نەرمین ئەحمەد کاوانی )یە. لە ساڵی (١٩٧٦) لەدایك بووم. لە ساڵی (٢٠٠٠) پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانیم تەواو کردووە و لە هەمان ساڵ ژیانی هاوسەریم لەگەڵ (دانەر) پێکهێناوە، ئێستاش خاوەنی دوو منداڵم بە ناوەکانی (هۆزاك و هۆزار )، ئێستاکە لە چالاکی قوتابخانەکاندا مامۆستام و زیاتر لە (٢٠) کاری شانۆییم هەیە، بەشداری (٣) درامام کردووە. ئەوەی منی لەگەڵ هونەری دراماو نواندن گرێدا، دەتوانم بڵێم رێکەوتێك بوو. من کاتێك چوومە بەشی شانۆی پەیمانگای هونەرە جوانەکان، لەوێوەوە خۆشەویستم بۆ هونەری شانۆو دراما دەستی پێکرد. هەستم کرد کەوا کاری نواندن بەشێکە لە من، ئەوەی پێویستە قسەی لەسەر بکەم ئەوە بوو کە من پێش چوونم بۆ پەیمانگای هونەرە جوانەکان، حەزم بەکاری نواندن نەدەکرد، ئەوەی زۆر کاریگەری لەسەر کارە هونەرییەکانی من هەبوو، هەمیشە پشتگیرم بوو بۆ خزمەت کردنی بواری هونەری، هاوسەرەکەم بوو. دەتوانم بڵێم زۆر هاوکارمە بۆ بەشداری کردنم لە کارە هونەرییەکانمدا، یەکەم بەشداریم لە کاری هونەریدا بەشداری کردن بوو لە شانۆگەرییەکی پەیمانگای هونەرە جوانەکان، لە ساڵی (١٩٩٢) بۆ ساڵی (١٩٩٣).

*** تۆ کە پەیمانگای هونەرە جوانەکانت تەواو کردووە، پێتوانییە پەیمانگای هونەرە جوانەکان رۆڵی ئەکتیڤی بینیووە لە خزمەت کردنی هونەری کوردیدا؟ ئایا پەیمانگا توانیویەتی کادری چالاك لە بوارەکەدا پێ بگەیەنێت؟**

- ئـەو کاتەی کە ئێمە لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان سـەر قاڵی کاری هونـەری بووین، دەتوانـم بڵێم بەڵێ پەیمانـگا توانی کۆمەڵێك قوتابی بە توانا بـۆ بواری هونەر پێبگەیەنێت، کاریگەری لە سـەر خزمـەت کردنی هونەری کوردی هەبێت، بەڵام هەست دەکرێت کەوا ئێستا پەیمانگای هونەرە جوانـەکان لەو ڕووەوە بەرەو سستی چووە، بۆیە پێویستە بۆ چارەسەرکردنی ئەم سستییە پەیمانـگای هونـەرە جوانەکان کەسـانی کارامەو لێهاتوو وەربگرێت، بۆ ئەوەی بتوانن لـە ئایندەدا خزمەتێکی دیار بە هونەری کـوردی بگەیەنن. نەوەك تەنیـا بۆ ئەوە بچن کەوا بڕوانامەی مامۆسـتایەتی بە دەست بێنن. هەندێك قوتابی هەیە دەچێتە پەیمانگای هونەرە جوانەکان پاڵ دەداتەوە بڕوانامەی مامۆستایەتی بە دەست دێنێت، پێویستە ئەوانە بۆ خزمەت کردن بە هونەری کوردی ببنە کەسـێکی داهێنەر لە بواری هونەریدا.

*** بەشـداری کردنی تۆ لە درامای ئارەزوو چۆن بوو؟ ئایا هەڵبژاردنی کارەکتەرە کە لە سەر خواستی تۆ بوو، یاخود دەرهێنەری دراماکەبوو؟**

- من یەکێکم لەو کەسـانەی کەوا بەشداری کارە دراماییـەکان یاخود شـانۆییەکان دەکەم، ناچم بـەدوای دەرهێنەردا بگەڕێـم بۆ ئەوەی ڕۆڵم پێ بدات، من بەردەوام لە ماڵەوە دادەنیشم دەمەوێت دەرهێنەر خۆی بـە دوامدا بگەڕێت، خۆی کارەکتەرەکەم بۆ دەستنیشـان بکات، من هەمیشە سەیری دەرهێنەر دەکەم بۆ هەڵبژاردنی کارەکتـەرەکان. لـە درامای ئـارەزوودا کاك (ئەرسـەلان دەروێش) لە دوای وەرگرتنی ڕای کەسێك منی بە باش زانی کەوا ئەو ڕۆڵە ببینم و ئەو کارەکتەرە بەرجەسـتە بکـەم، منیش بە خۆشحاڵییەوە کارەکەم بە ئەنجام گەیاند.

*** لە کۆمەڵگایەکی تاڕادەیەك داخراوی وەکو کۆمەڵگەی خۆمان، ئەو کارەکتەرەی درابووە تۆ، ئەنجام دانـی کارێکی قورس نەبوو وە تا چەند تۆی ئەکتەر توانیت ئەو بەربەسـتانە بشکێنیت، کەوا تا ئێستاش لە ئاست هونەرمەندانی ئافرەتی کوردا هەن، تۆ دەرئەنجام توانیت چی بکەیت و چ پەیامێك بگەیەنیت؟**

- من پێموایە هونەر بۆ پێشکەوتنی میللەت و وڵاتەکەتە، بۆ ناساندنی میللەتەکەتە بە جیهان، ئەگەر ئێمە دابنیشـین و بڵێین ئـەم کارەکتەرە کەس دەوری نابینێت و عەیبە و ناکرێت ونابێت، کەواتـە بـۆ هونەرمەندین، بۆیـە هونەرمەند پێویسـتە ئەو هەویرە بێت، کـە دەرهێنەر یاخود نووسەری دراما، ئەو کارەکتەرەکەی بۆی داناوە بە ئارەزووی خۆی دەسـتکاری بکات و کاری پـێ بکات، منیش تاکاتی هاتنی سـیناریۆی دراماکـە پێموانەبـوو بتوانم لـەو کارەکتەرەدا سـەرکەوتوو بم، بەڵام هاوسەر و براگەورەکەم و هاوڕێکانـم زۆر هاندەرم بوون بۆ ئەوەی هەوڵی بەرجەستە کردنی ئەو کارەکتەرە بکەم، من هەست دەکەم هەنگاوێکـی زۆر گەورە بوو لە هونەری کوردی و ژیانی ئافرەتی کوردیدا کە من ناومە، هەسـت دەکەم دیوارێکم شکاندووە، لە بەرامبەر (عەیبـەو بڤە و نابێـت) . ئێمەش وەکو هەموو هونەرمەندانی جیهان سـەرقاڵی خزمەت کردنی کاری هونەرین جارێکی تر دەیڵێمەوە هونەرمەند دەبێ هەموو کارێکی هونەری بکات، نابێ بڵێ ئەمە دەکەم یان ئەمە ناکەم، ئەگەر وا بێت دەبێت ئێمە دابنیشین.

*** بەشـداری کردنت لە درامای ئارەزوو دا نەبووە هۆی ئەوەی ببێتە جێگای توانج و قسەو قسەڵۆکی خەڵکی؟**

- بەڕاسـتی خۆشەویسـتی من بۆ شانۆ لە ناخمدایە، بەڵام لە دوای ئەو کارەوە بە یەکجاری بڕیارم دا بەردەوام بم. خۆشەویستی خەڵك پەیوەست بوو بە سەرکەوتنی منەوە لە ناو کاری درامادا، خۆشەویستی خەڵك و هاندانی هاوڕێکانم و ئەو نامەو دەستخۆشـییانەی کەلەلایەن جەماوەرەوە بۆم هاتـووە، هاندەرێکی تەواو بوون بۆ ئەوەی مـن بەردەوام بم لە کاری نواندن. سـەبارەت بە ناوی (سـەباو) کە لە جۆرێك لە ئۆتۆمبیلیان نـاوە، پێموایـە ئەوە بەشـێکە لە نەخۆشـی کۆمەڵگە، پێموایە لە هەموو جیهاندا ئەم شتانە سەرهەڵدەدەن، نەك تەنیا لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، پێم وایە ئەوەی لە دەستپێکدا بەم کارە هەڵدەسێت کەسێکی نەخۆشە، من وەکو شەخسی خۆم زۆر بەلامەوە ئاساییە.

*** بەگشتی ئێستا لە بواری هونەریدا، ڕۆڵی ئافرەتی کورد لە لە چ ئاستێکدایە ؟**

- بـە خۆشـحاڵییەوە دەتوانـم بڵێم ئێسـتا هەنگاوێکی باشـمان ناوە، هەست دەکەم ئافرەت هاتۆتە پێشـەوە و کاری زۆر باشی ئەنجام داوە لە چاو ساڵانی ڕابردوودا.

*** ئەی ئاسـتەنگ و گرفتی بەردەم ئێوەی ئافرەت لە بواری هونەردا چین ؟**

- دیسـانەوە دەڵێم خێزان ڕێگـرە، کۆمەڵگە ڕێگرە، پێویسـتە ئافرەت یان پیـاو کە کارێك دەکات پاڵپشتێکی تەواوی هەبێت و هاندەرێکی باشی هەبێت بۆ ئەوەی تێدا سەرکەوتن بەدەست بێنێت.

*** لەم سـاڵانەی دواییـدا کۆمەڵێك کاری دراما لە شاشـەی تەلەفزیۆنەکانەوە بینران، ئایا ئەو درامایانـە توانیان چاوی بینەری کورد تێر بکەن؟**

- نەخێر بەداخەوە تا ئێسـتا درامای کوردی نەیتوانیـوە چاوی بینەری کورد تێر بکات، وەك دەبینرێت لە ماوەی سـاڵێکدا ئەگەر دوو کاری درامـا کرابێت، ئەگەر نا هـەر کارە کۆنەکانن کە دووبارە دەبنەوە. بەڕاسـتی کاری دراما زۆر کەمە، لەگەڵ ئەوەی ئەو هەموو کەناڵەمان هەیە و حوکمەت هاوکارییەکی داناوە بۆ سەرخستنی کاری درامـا، بەڵام بەداخـەوە ئەو بودجەیە بۆ هەندێك کەس خـەرج دەکرێت، بۆ هەندێکی تر وەك پێویست نییە. من هەست دەکەم دەستگیرۆی گەنجان ناکرێت، بۆیە دەبینین کەسێکی بەتەمەن



**من بەردەوام لە ماڵەوە دادەنیشم دەمەوێت دەرهێنەر خۆی بە دوامدا بگەڕێت**

**هەست دەکەم دیوارێکە شکاندوومەوە لە بەرامبەر (عەیبەو بڤە و نابێت)**



لە بەر ئەوەی ســـەر بەحزبێکـــە دەچێت داوای یارمەتـــی دەکات کارەکەی بۆ ئەنجام دەدرێت، بەڵام بۆ کەسێکی گەنج بە داخەوە لە بەرئەوەی ئینتمای حیزبی نییە و ســـەر بە لایەنێك نییە، کاری بـــۆ ناکرێت لـــە بەر ئـــەوەی بەداخەوە هەڵسەنگاندنی باش بۆ کاری باش نییە، داوام وایە کاری باش هەڵبژێردرێت سەیری کەسەکە نەکرێـــت، کە ســـەر بە چ حیـــزب ولایەنێکی سیاسییە، تەنیا بەرهەمی هونەری سەرکەوتوو وەبەرچاو بگیرێ.، پێشنیاری من ئەوەیە زیاتر گرنگی بە توانای گەنجەکان بدرێت، بۆ ئەوەی هەنگاوێك بەرەو پێش برۆین.

*** درامای گەردەلـــول یەکێك بوو لەو کارە درامیانەی دەنگدانەوەیەکی باشی دایەوە، بەڵام رەخنەشـــی لێگیرا، رەخنەگرەکان پێیان وابوو لە رووی مێژووییەوە هەڵەی تێدایە، تێروانینی تۆ چییە لە سەر ئەو درامایە ؟**

- خـــۆی گەردەلول هەڵـــەی مێژوویی تێدا بـــووە، هەڵـــەی تەکنیکی تێدا بـــووە، هەڵەی هونەری تێدا بووە، هەڵەی سیناریۆی تێدا بووە، لە دەرهێناندا هەڵەی هەبووە، لە نواندن هەڵەی هەبووە، من خۆم یەکێك بووم لەو کەسانەی کەوا رۆڵی هەنارم پێدرابوو، بەڵام بەهۆی سەفەرێکم بۆ وڵاتی ســـوید بەمەبەستی کارێکی شانۆیی بە داخەوە نەمتوانی بەشداری بکەم دەتوانم بڵێم هەڵـــەی زۆر لە گەردەلولدا هەیە، بەڵام لە بەر ئـــەوەی رووداوێکی مێژووی سیاســـی ئێمەیە لەلای خەڵك زۆر خۆشەویستە.

*** ئەی بۆ بەشی ســـێیەم داوات لێنەکراوە بەشداری بکەیت؟**

- بۆ بەشـــی ســـێیەمی درامای گەردەلول داوای بەشـــداریم لێکـــراوە، بەڵام بـــە داخەوە نەمتوانی بەشـــداری بکەم بـــە هۆی ئەوەی لەگەڵ کاك کامەران رەئوف، سەر قاڵی کاری درامایەکم.

*** دواییـــن بەرنامـــەو پـــرۆژەی هونەریت چییە؟**

- کارێکی هونەری (کامەران رەئوف )ە، لە سیناریۆو دەرهێنانی خۆیەتی. لۆ کەیشنیشنی کارەکان لـــە شـــاری کۆیە وێنە گیـــراوە، من ئەکتەرێکی ســـەرەکیم، سیناریۆی کارەکە باس لە شاری سلێمانی دەکات

*** دواین پەیامت ؟**

خۆشەویســـتیم هەیە بۆ ســـتافی گۆڤاری گوڵان و هەمـــوو ئەوانەی منیان خۆش ئەوێ و چاوەڕوانـــی کاری نوێم لـــێ دەکەن. ئەگەر حورمەتی هونـــەرو هونەرمەند بگرین، منیش بەڵێنیان پێ دەدەم بەردەوام بم لە خزمەت کردنی هونەری نواندن.

ناوی (سەباو) کە لە جۆرە ئۆتۆمبێلێک نراوە، پێم وایە ئەوە بەشێکە لە نەخۆشی کۆمەڵگە

گەردەلوول هەڵەی زۆری تێدا بوو



# هەردی سەڵاح:

# پێویستە لەهەموو لایـــ

**_دوای بڵاوکردنـــەوەی یەکەمینCD خۆی بەناوی (ســـەفەر) هونەرمەند هەردی ســـەڵاح توانـــی بەخێرایی جێگای خۆی لەناو دڵی جەمـــاوەردا بکاتەوە، ئەو کە زۆر حەز بـــە دیداری رۆژنامەوانی ناکات و ماوەیەکی زۆر بـــوو بەرهەمی نوێی نەبوو، لەرۆژانی رابردوودا ئەلبوومە نوێیەکەی خۆی بڵاوکردەوە، بۆ گفتۆکردن لەبارەی هۆکاری دواکەوتنی بڵاوبوونەوەی ئەلبوومە نوێیەکەی و دووربوونی لەراگەیاندنەکان و چەند پرســـیارێکی تر، هەردی لەدیمانەیەکدا بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی ئێمەی دایەوە.._**

***پێت وانییە ئەم بەرهەمەتان کەمێك دوا کەوتبێت؟**

- لەڕاســـتیدا درووستکردنی ئەلبوومێك بە چەند قۆناغێکـــدا تێپەڕ دەبێت، منیش نەمویســـت پەلە بکەم، چەند کێشەیەکیشم هاتە پێش، بەڵام کاری باشیش کاتی باشی دەوێت.

***هەســـت دەکرێ جێ پەنجەی جەبار حەبیب بە ئاشـــکرا بە بەرهەمەکەوە دیارە، ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

_مامۆســـتا جەبار داهێنەرە لەشیعری گۆرانیدا و هەست دەکەم خەم و خۆشییەکانی کۆمەڵگاکەم لەناخی شـــیعرەکانیدا رەنگی داوەتەوە، لەیەك گەیشتنی باشی نێوان من و مامۆســـتا جەبار وای کردووە کە کاری زۆر بەیەکەوە بکەین.

*** لەو ماوەیەی کـــە بەرهەمتان نەبوو چیت پێشـــکەش بـــە هونەرمەندانی دیکە کردووە وەك هۆنراوە و ئاواز؟**

_لەڕاستیدا من چ بە ئاواز یان تێکست، یان موزیك یارمەتی زۆر هونەرمەندم داوە یان ئەو گەنجانەی کە ئێستا هاتوونەتە ناو جیهانی هونەرییەوە، ئەمەش لەسەر داوای زۆری ئەوان بووە هەرچەندە زۆربەیان ناویان نەهێناوم یان سڵ دەکەنەوە لەناوهێنانم، بەڵام من کاری باشـــم بۆ کردوون، کارەکانیشـــم دیارن.

***زۆرشـــت دەربـــارەی هەردی ســـەڵاح دەگوتـــرێ گوایـــە دوورە پەرێـــزە و زۆر دەرناکەوێت؟**

_ئەگەر مەبەست لە راگەیاندن بێت ئەوا خۆم وام ویســـتووە، چونکە حەزم لە ریکلام کـــردن و دەرکەوتن لە پێناو دەرکەوتندا نییە، بگرە حەز دەکەم هەر کاتێك دەرکەوم بە پرۆژە و کارێکەوە بێت نەك خۆ دووبارە کردنەوە.

***لە یەکێك لە ویب ســـایتە کوردییەکان ئەوەمان بەر چاو کەوت، لە ئاوازی یەکێك لە بەرهەمـــە نوێیەکانت تورکییە، بەڵام بەناوی خۆت بڵاوکردۆتەوە، مەبەستیان کام بەرهەمە و ئەمە تا چەند راستە؟**

_نەخێر، بـــەڵام چونکـــە کارەکانم دیار و بەرچـــاون، بۆیە لەوانەیە هەســـتێکی وا درووست بوو بێت.

***چۆن وەڵامی ئەم قسانە دەدەیتەوە؟**

_ئەوانە هەمووی قسەی بەتاڵن، قسەی بەتاڵیش ئیشی بێ ئیشانە.

*** کلپیەکانت زۆر سەرکەوتوون بەتایبەتی لـــەرووی تەکنیکەوە، پێت وانییە دەتوانی لە**





## ـــەک سوود وەربگرین

**کوردستانیش بە هەمان شێوە کلیپ تۆمار بکەی؟**

__من لەکوردســـتانیش کارم کردووە، بەڵام ئەوەی راســـتی بێت، لەڕووی تەکنیکەوە جاریّ زۆرمان ماوە.

***ئێســـتا ستۆدیۆی هونەری زۆر لە کوردستان کراونەتەوە، کەی و چۆن ئێوەی هونەرمەند دەتوانن پشت بە ستۆدیۆکانی خۆمان ببەستن و روو لە دەرەوە نەکەن؟**

__من رۆژانێك لەکوردســـتان کارم کردووە، ئـــەوکات کەم کەس باوەڕی بە کارکردن لە کوردستان بوو، خۆشبەختانەش ئەوەی کردم کارێکی هونەری خراپ نەبوو، دەنگ و ســـەدای زۆری هەبوو، یەکەم کەســـیش بـــووم گروپی "کەمان"م لەســـتۆدیۆکانی کوردستان دروست کرد، بەڵام خولیای داهێنان و نوێگەری و کوالێتی باش وام لێدەکات لەهەر کوێیەك کاری باشتر هەبێت بۆ ئەویّ برۆم. دەستخۆشـــیش لەو هەولانە دەکەم کە دەڵێن هەندیّ کاری باش لێرە کراوە، بەڵام بە ڕای من جاریّ زۆرمان ماوە.

***پێت وانییە تۆمار کردنی بەرهەمی هونەری لە تورکیا پشـــتگویّ خستنی موزیکژەنەکانی خۆمانە کە هیچیان لە تورکەکان کەمتر نییە؟**

- ئێمە لەقۆناغێکداین دەبێت خۆمان پیّ بگەیەنین، بۆ ئەوەش پێویســـتیمان بە سوود وەرگرتنە لە هەموو لایەك، بۆیە نابێت بڵێین چیمان زۆرتر و کەمترە.

***هونەرمەندە گەنجەکان چـــۆن دەتوانن هونەرێك پێشکەش بکەن مۆدێرن بێت و، لە هەمان کاتدا لەسەر حیسابی رەسەنایەتی هونەری کوردیش نەبێت؟**

__بەداخەوە ئەو وشـــەیە زۆرجار لەلایەن هەندیّ کەسی نەشـــارەزاوە بە هەڵە بەکاردێت و لەشوێنی نەگونجاودا کە شارەزای موزیك نین، من پێموایە هەر کارێکی هونەری ئەکادیمی و خاوێن بێت و سەرکەوتن بەدەســـت بێنێت، ئەوە رەسەنایەتیشی تێدایە هەرچەندە کارەکە مۆدێرنیش بێت.

***خواردنی ماڵەوەت پێخۆشترە یان دەرەوە؟**

- خواردنی ماڵەوە.

***وەرزش بـــۆ هونەرمەنـــد زۆر گرنگە، لەگەڵ وەرزشدا چۆنی ؟**

- ناوە ناوە دەیکەم.

***هاندەری کام یانە و هەڵبژاردەی ؟**

- مـــن زۆر حەز بە یـــاری ریال و بەرشەلۆنە دەکەم، زۆر کات هاندەری ریالم، بەڵام ئاستی بەرشەلۆنەش دڵخۆشم دەکات.

*** دوای بڵاوکردنـــەوەی بەرهەمەکەت چیـــت هەیە بە جەماوەری خۆتی بڵێی؟**

- سوپاسیان دەکەم.





# هۆزان: لە کۆمەڵگای عەرەبی نزیکین، بەڵام لە زۆر رووەوە جیاوازیشین

هۆزان فەتاح یەکێکە لەو ئافرەتە بێژەرە کوردانەی کە لە سەرەتای دەست بەکاربوونی کاری بێژەرییەوە لە زۆربەی بوارەکاندا کاری کردووە، هەر لە سەرەتای تەمەنییەوە لە قوتابخانەکاندا ئاهەنگەکانی پێشکەش کردووە، دواتر لە کەناڵە لۆکاڵەکانی شاری دهۆک کاری کردووە، لە بوارەکانی پێشکەشکاری تەلەڤزیۆن، خوێندنەوەی هەواڵی سیاسی، بەرنامەی هونەری، بەرنامەی هەمەڕەنگ واتە لە گشت بوارەکانی راگەیاندنی بینراودا کاری کردووە، دواتر بەر لەوەی روو لە دەرەوەی وڵات بکات و لەوێ نیشتەجێ ببێت، لە کەناڵی سەتەلایتی کوردستان بەرنامەیەکی هونەری پێشکەش کرد،، بەڵام ئێستا گەڕاوەتەوە کوردستان و بەپێی گرێبەستێك لەگەڵ کەناڵی vin tv بۆ پێشکەش کردنی بەرنامەی ( رێکا ستێرا) و وەك خۆی دەڵێ: ئەگەر بارودۆخەکە لەبار بێت، ئەوا لە کوردستان دەمێنێتەوە.

دەربارەی کاری ئێستای و جیاوازی لەگەڵ کارەکانی تری، بە چاکمان زانی چەند پرسیارێکی ئاراستە بکەین و ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.

*** ئەو بەرنامەی تۆ ئێستا پێشکەشی دەکەی چ جیاوازییەکی لەگەڵ ئەو بەرنامەی لە تەلەفزیۆنی کوردستان پێشکەشت دەکرد هەیە؟**

- بێگومان جیاوازی هەیە، ئەوە جاری یەکەمە من بەرنامەیەکی لەو شێوەیە پێشکەش دەکەم، بەر لە ئێستا ئەو بەرنامانەی من پێشکەشم دەکردن بەرپرسیاریەتی بۆ من بوو، بەڵام لەو بەرنامەیەدا ئێمە وەك یەك خێزان کار دەکەین، چونکە شێوازی بەرنامەکە بەو شێوەیەیە هەر یەکێك ئەویتر کامڵ دەکات.

*** لە کەناڵە عەرەبی و بیانییەکان زۆر بەرنامە لە شێوەی بەرنامەکەی تۆ هەن، تا چ رادەیەك سوودت لێیان بینیوە؟**

- بەڕاستی دەکرێ تا رادەیەك کۆمەڵگای ئێمە لە کۆمەڵگا عەرەبییەکان نزیك بن، بەڵام ئێمە لە زۆر رووەوە جیاوازیشمان هەیە، من زۆر بەرنامەم بینیوە، بەڵام وەك سوود وەرگرتن ناتوانم بڵێم سوودم لێیان وەرگرتووە تا ئێستا بەو شێوەیە سوودم لێیان وەرنەگرتووە کە شایەنی باس کردن بێت یان سەرنجی منی راکێشابێت، بەڵام زیاتر سەیری بەرنامە تەلەفزیۆنییە بیانییەکان دەکەم.

*** بۆچی ماوەیەك لە دەزگاکانی راگەیاندن دوور کەوتبوویەوە؟**

- چونکە من سەرقاڵی پێکهێنانی ژیانی خێزانی بووم، هەروەها لە دەرەوەی وڵات بووم.

*** لە بێژەرە کورد و عەرەب و بیانییەکان کامیان زیاتر کاریگەریان بەسەر تۆوە هەبووە و حەز دەکەی بگەی بە ئاستی ئەوان؟**

- زۆر جار ئەو پرسیارەم ئاراستە دەکرێت، من هەمیشە گوتوومە کە "ئۆپێرا وینفری" زۆرزۆر کاریگەری بەسەر منەوە هەیە و خەونی من ئەوەیە بگەم بە ئاستی ئۆپیرا، لەوانەیە ئەمە خەونێکی گەورە بێت، بەڵام من بەردەوام دەبم و رۆژ بە رۆژ هەوڵ دەدەم بۆ ئەوەی لە کارەکەی خۆمدا سەرکەوتوو بم.

*** بۆچی ئۆپێرا وینفری؟**

- من حەز لە شێوازی پێشکەش کردنی ئەو دەکەم، چونکە پێشکەشکارێکی زۆر بە توانا و لێهاتووە.

*** لەکاتی پێشکەش کردنی بەرنامە یاخود دواتر کە خۆت دەبینییەوە هەست بە هەڵەکانی خۆت دەکەی و هەوڵ دەدەی هەڵەکان دووبارە نەکەیتەوە؟**

- بێگومان من لەو کەسانەم کە هیچ کاتێك رازی نیم، هەمیشە سەیری هەڵەکانی خۆم دەکەم ئەگەر هەبێت بۆ ئەوەی لە بەرنامە و کارەکانی داهاتوومدا دووبارەیان نەکەمەوە.

هەمیشە هاوڕێکانم پێم دەڵێن تۆ بۆچی لە کارەکانی خۆت رازی نابی، بەڵام هەرچەندە ئەوان دەستخۆشیم لێدەکەن وکارەکانی من بە باش وەسف دەکەن، من پێموایە دەبێ هەوڵ بدەم هەر باشتر و باشتر بم.

*** چۆن جورئەتی ئافرەتە بێژەرەکان وەسف دەکەی؟**

- من بۆخۆم جورئەت لە خستنە رووی بابەتەکاندا دەبینم، چونکە تا ئێستا زوو بە زوو هەموو بابەتەکان نەخراونەتە روو، مەبەستی من ئەوەیە هەر بابەتێك بێت.

*** ئەگەر داوات لێبکرێت بەرنامەی سیاسی پێشکەش بکەی رازی دەبی، یاخود تێیدا سەرکەوتوو دەبی؟**

- دەستپێکردنی کاری بێژەری من بە خوێندنەوەی دەنگوباسی سیاسی بوو، هەرچەندە هیچ کاتێك پێشکەشم نەکردووە، بەڵام هەر بەرنامەیەك کە بێژەر پێشکەشی بکات، پێویستە باکگراوندێکی باشی دەربارەی هەبێت، ئەگەر کاتێك من بەرنامەی سیاسیم پێشکەش کرد، سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی من بۆ بینەر و رەخنەگران دەمینێتەوە، بەڵام ناتوانم بڕیار لەسەر ئەو کارە بدەم.

*** بەڕای تۆ کەموکوڕی بێژەرانی ئافرەتی کورد چین؟**

- ناتوانم وەك پسپۆڕێك وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە، من تەنیا و تەنیا باسی کەموکوڕییەکانی خۆم دەکەم، ئێمەی بێژەرە کچە کوردەکان بەشی زۆرمان بەشێوەیەکی ئەکادیمی نەبووینەتە بێژەر و پێشکەشکاری بەرنامە، هەر یەك لە ئێمە زیاتر ئارەزووی بێژەری تێدا هەبووە و رۆژ دوای رۆژ ئەم ئارەزووە گەورە بووە و چەکەرەی کردووە و پێشی خستووە، بەڵام من زۆر دڵخۆشم بە کردنەوەی بەشی راگەیاندن و رۆژنامەوانی لە پەیمانگا و کوردستان.

*** زۆر جار گوێبیستی ئەوە دەبین کە ئافرەتی کورد بەستراوە بە کۆت و بەندی کۆمەڵگا و دابونەریتە کۆنەکان، بەڕای تۆ ئاستی کاریگەری ئەم دابونەریتە لەسەر ئێوە چی بووە وەکو ئافرەتانی راگەیاندنکار؟**

- ئێمە بەرهەمی ئەو کۆمەڵگایەین، بێگومان رۆژ دوای رۆژ خۆمان لەگەڵی دەگونجێنین، ئێمە ئێستا لەسەر شاشە دەردەکەوین و وێنەکانی ئێمە لە رۆژنامە و گۆڤارەکان بڵاودەکرێنەوە.

لەوانەیە تا ماوەیەك بەر لە ئێستا لەلایەنی کۆمەڵگای ئێمە تا رادەیەك ئەمە مایەی قبوڵ کردن نەبوو، بەڵام ئێستا تا رادەیەکی زۆر مایەی قبوڵ کردنە و رێزیش لە کاری ئێمە دەگیرێت، واتە رۆژ دوای رۆژ کۆمەڵگا دەگۆڕێت و وردە وردە ئەم کۆت و بەندانەش کەم دەبنەوە، بێگومان ئەمەش کاریگەری بەسەر ئێمەوە هەیە، بەڵام پێویستە پشوومان فراوان بێت.

*** زۆر لە ئافرەتە بێژەرە کوردەکان زیاتر لە بەرنامەیەك پێشکەش دەکەن، لە زۆر بواری جیاجیادا وەك سیاسی، هونەری، رەنگاورەنگ، تۆ پشتگیری لەم تێکەڵاوییە دەکەی یان دژی ئەم هەنگاوەی؟**

- نەبوونی ژمارەیەکی زۆری بێژەری کچ لەوانەیە ببێتە هۆکاری ئەوەی کە بێژەر زیاتر لە بەرنامەیەك پێشکەش بکات، لەوانەیە وەك بابەت و ناوەڕۆك زۆریش جیاواز بن لەگەڵ یەکتری، من دەڵێم باشتر وایە کچە بێژەرەکان پسپۆڕییان هەبێت لە کارەکەی خۆیاندا، بەڵام ئەگەر هاتوو بێژەر زیاتر لە بەرنامەیەکیش پێشکش بکات ئەوا نابێتە گرفت.

*** بەر لەوەی تۆ بەرنامەی (رێکا ستێرا) پێشکەش بکەیت، کەسێکی دیکە پێشکەشی دەکرد، چۆن و بۆچی تۆ هەڵبژێردرای بۆ ئەوەی بەرنامەکە پێشکەش بکەیت؟**

- هەر وەك ئێوە دەزانن من لە دەرەوەی وڵات ژیانم بەسەر دەبرد، لەلایەن ڤین تیڤییەوە داوام لێکرا بۆ ئەوەی ئەو بەرنامەیە پێشکەش بکەم، ئەم جۆرە بەرنامانە بێژەری تایبەتی نییە، ئەم ساڵ من پێشکەشی دەکەم و ساڵێکی تر یەکێکی تر و بەم شێوەیە ئەو کارە بەردەوام دەبێت، چونکە وەك گوتم بێنەری تایبەتییان نییە.

*** ئەگەر بەرنامەیەکی دیکەت پێشکەش کردبا لەجیاتی (رێکا ستێرا) پێتوانییە زیاتر دەردەکەوتی و لەلایەن جەماوەرەوە دەناسرای؟**

- ناتوانم بڕیار لەسەر ئەوە بدەم کە زیاتر دەناسرام، یان ناوبانگی زیاترم دەردەکرد، چونکە هێشتا بەرنامەکە لە قۆناغی سەرەتا و دەستپێکردندایە و قۆناغی دیکەی زۆر ماوە.

*** ئایا هێڵی سوور هەیە کە ناتوانی بیانبەزێنی؟**

- بێگومان هێڵی سوور هەیە کە من بۆخۆم دامناوە و نایانبەزێنم.

*** هیوا وئاواتەکانت یاخود خەونەکانت چین لە بواری راگەیاندن و پێشکەش کردنی بەرنامەکاندا؟**

- بێگومان هیوادارم پێشکەوتنی زیاتر لە بەرنامەکاندا بەدەست بهێنم و بەرنامەی وا پێشکەش بکەم کە من خۆم سەد دەر سەد لێیان رازی بم، هیوا گەورەکانیش بۆ رۆژانی داهاتوو جێدەهێڵم.

**ئێمەی بێژەرە کچە کوردەکان بەشی زۆرمان بەشێوەیەکی ئەکادیمی نەبووینەتە بێژەر و پێشکەشکاری بەرنامە**